# ڕادەی بایەخپێدان بە پرسە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا؛ لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی

**سلام نصرالدين محمد [1]، لقمان صالح كريم 2**

[1] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2] بەشی کاری کۆمەڵایەتی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

پرسی ژینگە یەکێکە لەو پرسە گرنگانەی کە لە سەر ئاستی جیهان گرنگی تایبەتی پێدەدرێت، لەو بارەیەوە چەندین کۆنفرانس و لێکتێگەیشتنی نێو دەوڵەتی ئەنجام دراوە لەپێناو پاراستنی ئایندەی مرۆڤایاتی لەسەر هەسارەی زەوی. لە سەر ئاستی ناوخۆش پرسە ژینگەییەکان لە ئێستادا گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە و لەو بارەیەوە کۆنفرانس و دیداری زانستی وتوێژینەوەی جۆراوجۆر لەبارەی ژینگەی کوردستانەوە ئەنجام دەدرێت و مەترسی و پێشهاتە ژینگەییەکان دەخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوەی وورد. ئەم توێژینەوەیەش وەک یەکێک لەو هەوڵە زانستیانەی لەبارەی ژینگەوە ئەنجام دراوە، ئامانجی ئەوەیە کە بزانرێت تاچەند ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لە ناویاندا ڕادیۆ ناوخۆییەکان گرنگیان بە پرسی ژینگە داوە لە چوارچێوەی بەرنامەو پرۆگرامە میدیاییەکانیاندا، هەروەها ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی لەو بارەیەوە چییە؟ بۆ ئەو مەبەستە توێژینەوەکە بە جۆری توێژینەوەی وەسفی و میتۆدی ڕوپێویی کاری کردووە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕێبازی روپێویی ، ژمارەیەك لە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی وەک نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراون بە پلەی زانستی و ڕەگەزی جیاواز، لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە. دەرکەوتووە، ڕوماڵکردنی بابەتە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا بە شێوەیەکی وردو قوڵەو ڕوکەشانە نییە، هەروەها ڕاددەی بایەخپێدانی مامۆستایانی زانکۆ بۆ پرسە ژینگەییەکان لە ئاستێکی گونجاودایە، ئەنجامێکی تری توێژینەوەکە ئەوە بوو کە ئێستگە ڕادوێییە ناوخۆیەکان هاوکاربوون لە دروستکردنی هۆشیاری ژینگەیی لای بیستەران، بەڵام لە هەمان کاتدا بەڕادەیەکی کەم بوونەتە ناوەندێکی کارا بۆ هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بڵاو کردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا. لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەداو لە سەر بنەمای دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە کۆمەڵێك ڕاسپاردەو پێشنیار خرانە ڕوو.

**وشە سەرەکیەکان** : پرسی ژینگە، مێدیا، ڕادیۆ ناوخۆییەکان، بەرنامە میدیاییەکان، مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی.

## پێشەکی [1]

پرسی ژینگە بابەتێکی گرنگی جیهانییەو جێگای بایەخی زانستە جۆراوجۆرەکانە و بە بەردەوامی شیکاری کاریگەری و لێکەوتەکانی دەکەن. پرسە ژینگەییەکان چ لە فەزای گشتی کۆمەڵگەو چ لە ناوەندە زانستیەکاندا گفتو گۆی زۆری لە سەر کراوە، ئەم توێژینەوەیە کاردەکات لە سەر زانینی ئاستی بایەخپێدان بە پرسە ژینگەییەکان لەڕادیۆ ناوخۆییەکاندا لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی، بۆ ئەوەی بزاندرێت تا چ ئاستێك ڕادیۆ ناوخۆییەکان گرنگی بە پرسە ژینگەییەکان دەدەن لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆوە، هەڵبەتە توێژینەوەی زانستی زۆر ئەنجامدراون لە سەر پەیوەندی نێوان ژینگەو میدیا بە گشتی، بەڵام ئاوڕدانەوە لەپەیوەندی نێوان ڕادیۆو پرسە ژینگەییەکان کەمتر توێژینەوەی لەسەر ئەنجامدراوە تا ئەو شوێنەی کە توێژەران ئاگادار بن، هەڵبەتە مامۆستایانی زانکۆ وەك توێژێکی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە گریمانەی ئەوەی لە سەر دەکرێت کە تا ئاستێکی باش گرنگی بە پرسە ژینگەییەکان بدەن، هاوکات ئەوەش بەلای توێژەرانەوە گرنگ بووە کە ئایا ئەم گرنگیدانە لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا لە چ ئاستێکدایە، لە کاتێکدا بیرکردنەوەی گشتی کۆمەڵگە لە سەر ئەوەیە کە ڕادیۆ بایەخێکی کەمتری میدیایی ماوە بە هۆی سەرهەڵدانی ئەپەکانی تری سۆشیال میدیا. ئەوەی کە وایکردووە توێژەران هەوڵی زانینی بدەن ئەوەیە کە تا چەند ئەم ڕادیۆ ناوخۆییانە گرنگیان بەپرسە ژینگەییەکان داوە، هاوکات گریمانەی ئەوەی کراوە کە مامۆستایانی زانکۆ بەوپێیەی کە ئاستێکی تەمەنیان تێپەڕاندووەو وەك هەرزەکاران نین کە زیاتر سەرقاڵی سۆشیال میدیا بن، ئەگەری ئەوەی زیاترە کە زانستیانە تر بتوانن هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆڵی ڕادیۆ ناوخۆییەکان بکەن لە ڕاددەی گرنگیدانیان بە پرسە ژینگەییەکان.

ئەم توێژینەوەیە لە دوولایەنی گرنگ پێك دێت کە لایەنی یەکەمی بریتیە لە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە، کە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەو خستنە ڕووی کێشەو

توێژینەوەی ڕێکخراو: لە 4 ئاب 2026 بڵاوکراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر: salam.mohammed@univsul.edu.iq

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © 2026 سلام نصرالدين محمد، لقمان صالح كريم، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی 9، ژمارە 2 (2026)

ڕێککەوتی: وەرگرتن 22 حوزەیران 2025؛ پەسەندکردن: 31 ئاب 2025

گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە لە خۆ دەگرێت، پاشان خستنە ڕووی میتۆدی توێژینەوەکەو گرنگترین پێناسی چەمك و زاراوەکان و خستنە ڕووی توێژینەوەکانی پێشو پێك هاتوون، لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا هەر یەك لە پوختەی مێژووی سەرهەڵدانی رادیۆ و ڕاگەیاندنی ژینگەیی و قۆناغ و ئامانجەکانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی خراونەتە ڕوو، هاوکات بەشی سێیەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە ڕێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە، هەروەها لە کۆتایی توێژینەوەکەدا هەر یەك لە ئەنجامگیری توێژینەوەکەو راسپاردەو پێشنیارەکان خراونەتە ڕوو.

## 1. میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### 1.1 کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە بۆ خستنە ڕووی ڕۆڵی ڕادیۆ ناوخۆییەکان لە بڵاو کردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی و ڕۆشنبیرکردنی گوێگرەکانی لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆوە، پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بریتیە لەوەی کە تاچەند ئێزگە ڕادیۆییەکان بایەخیان بە پرسە ژینگەییەکان داوە؟.

بۆ بەدەست هێنانی وەڵام بۆ ئەم پرسیارە سەرەکیە، پێویستمان بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لاوەکیانە دەبێت کە بریتین لە:

أ. تا چەند ڕادیۆ ناوخۆییەکان گرنگییان بۆ بابەتە ژینگەییەکان هەیە؟

ب. ئەو بابەتە ژینگەییانە کامانەن، کە زۆرترین کاری لەسەر دەکرێت لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا؟

ج. تا چەند ڕادیۆ ناوخۆییەکان کاریگەرییان لەسەر بەشداربووان هەیە لە ڕوی پێدانی زانیاری ژینگەییەوە ؟

د. ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆ چیە سەبارەت ڕادەی بایەخ پێدان بە پرسە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا؟

### 2.1 گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە گرنگی بابەتەکەوە سەرچاوە دەگرێت، بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین کە گرنگی توێژینەوەکە دوو لایەنی سەرەکی لە خۆی دەگرێت:-

**أ : گرنگی تیۆری :**

1. لە ڕووی تیۆریەوە ئەم توێژینەوەیە بایەخێکی گرنگی هەیە کە لە داهاتوودا دەتواندرێت وەکو سەرچاوەیەکی زانستی پشتی پێ ببەسترێت، بە پێی ئەو سەرچاوانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە.

2. لە ڕوی زانست و میدیاییەوە ئەوەیە کە دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی زانستی باوەڕ پێکراو، ئەوەش لە ڕێگەی ئەو دەرئەنجامانەی پێی دەگات.

3. کەمی توێژینەوەی زانستی لەبواری ژینگەو میدیادا، بەتایبەت لە ڕووی ڕادەی بایەخ پێدانی میدیایی لەگەڵ بابەتە ژینگەییەکان ڕۆڵی لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان و پاراستنی ژینگەدا.

**ب: گرنگی مەیدانی:**

گرنگی مەیدانی ئەم توێژینەوەیە لەو خاڵەدا بەرجەستە دەبێت کە دەکرێت لایەنە پەیوەندیدارەکان سود لە ڕاسپاردە کانی ئەم توێژینەوەیە وەربگرن لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی میدیا لە تەك پرسە ژینگەییەکاندا و ڕاددەی گرنگیدانیان بە پرسە ژینگەییەکان.

### 3.1 ئامانجی توێژینەوەکە:

بەو پێیەی هەر توێژینەوەیەکی زانستی ئامانجێکی لە پشتە، ئەم توێژینەوەیەش هاو شێوەی توێژینەوەکانی دی کۆمەڵێك ئامانج لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە:-

1. زانینی ئاستی گرنگیپان بۆ بابەتە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکان.

2. زانینی ئەو بابەتە ژینگەییانەی کە زۆرترین کاری لەسەر دەکرێت لە رادیۆ ناوخۆییەکاندا.

3. خستنە ڕووی ڕادەی کاریگەری ڕادیۆ ناوخۆییەکان لەسەر بەشداربووان لە ڕوی پێدانی زانیاری ژینگەییەوە.

4. زانینی ڕادەی بایەخپێدانی ڕادیۆ ناوخۆییەکان بە بابەتە ژینگەییەکان، لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆوە.

### 4.1 پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە

دیاریکردنی چەمکەکان یارمەتیدەرێکی باشن بۆ پێدانی بەرچاوڕوونی زیاتر لە مەڕ ئەم چەمکانەو بەکارهێنانیان لە توێژینەوەی زانستیدا، لە گرنگترین ئەو چەمکانەش:-

1. **بایەخپێدانی میدیایی:**

مەبەست لێی ئەو شێوازەیە کە بەکاردەهێنرێت بۆ خستنە ڕووی پرۆگرام و بەرنامە ڕادیۆییەکان بۆ گوێگران، لە ڕێگەی بەکارهێنانی یەکێک لە ژانرە ڕۆژنامەوانیەکان، بە شێوەیەک بگونجێت لەگەڵ بابەتە پێشکەشکراوەکان.

2. **ژینگە:**

ژینگە بریتییە لەو فەزاو چوارچێوەیەی کە مرۆڤ تیایدا ژیانی دەگوزەرێنێت و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی تێدا ئەنجام دەدات، ئەم چوارچێوەیەش هەریەك لە ئاوهەواو خاك دەگرێتەوە لێرەدا مەبەست لە ژینگە بریتییە لە ژینگەی شاری سلێمانی و دەروبەری بە پێکهێنەرانی ئاو و خاك و هەواو ئەوەی لە ناویاندایە.

3. **ڕادیۆو ڕادیۆ ناوخۆییەکان:**

هەموو ئەو ڕادیۆیانەیەدەگرێتەوە کە پەخشی بەرنامەکانیان لە چوارچێوەی سنورێکی دیاریکراوی جوگرافیدایەو بۆ جەماوەرێکی سنوردارە لە دیمۆگرافیایەکی لێکنزیکدا.

4. **هۆشیاری ژینگەیی:**

مەبەست لێی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و زانینی ژینگەییە للای تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بە پرسیە ژینگەییەکان و شێوازی مامەڵە کردنیان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی هەمو ئەو گرفتە ژینگەییانەی کە دێتە بەردەمیان.

### 5.1 توێژینەوەکانی پێشوو:

#### أ. توێژینەوەی (خولة شايب،2015)

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی ڕۆڵی ئێزگە ناوخۆییەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە سەر گوێگرانی ئیستگەی ناوخۆیی ام البواقي: لە گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکەی بریتیە لە زانینی ڕۆڵی ئیستگە ناخۆییە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی، زانین و خستنە ڕووی ئاستی بەشداری بەرنامە ڕادیۆییەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لای گوێگرانی، هەروەها زانینی ئاستی هەڵسەنگاندنی گوێگران بۆ ڕۆڵی ئێستگەی (ام البواقي) لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتین لە گوێگرانی ئیستگەی ناوخۆی (ام البواقي)، هاوکات نموونەی توێژینەوەکەی بریتیە لە(100) گوێگری ڕادیۆی ناو لە هەر دوو ڕەگەزی نێرو مێ، هەروەها میتۆدی توێژینەوەکەی برتیی بوو لە میتۆدی وەسفی، وە گرنگترین ئەنجامە بە دەست هاتووەکانیشی بریتین لە ئێزگەی (ام البواقي) ناوخۆیی لە جەزائیر ڕۆڵێکی ئیجابی هەیە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لای گوێگرانی،

لە ڕێگەی پڕۆگرامە جۆراو جۆرەکانی کە کاریان لە دروستکردنی کلتوری ژینگەیی کردووە.

**ب. توێژینەوەی (نزیهة وهابي،2017)**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (مامەڵەی میدیایي لەگەڵ پرسە ژینگەییەکان لەڕێگەی چاپەمەنی نوسراوەوە)، لە دیارترین ئەو ئامانجانەی لەم توێژینەوەیەدا دیاریکراوە بریتین لە؛ زانینی گرنگی ڕاگەیاندنی ژینگەیي و هۆشیاری ژینگەیي، خستنە ڕوی ئەو ڕۆڵەی کە چاپکراوەکان دەتوانن بیبینن لە هۆشیاری ژینگەییدا، خستنە ڕوی شێوازە بەکارهاتوەکانی چاپەمەنیە نوسراوەکان لە چارەسەر کردنی پرسە ژینگەییەکاندا، توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستووە، لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەیشتووە، بریتین لەوەی کە ڕۆژنامەکان لە مامەڵەی میدیاییاندا هەوڵیان داوە کە سود لە بەکارهێنانی هەندێك هونەری نوێی ڕۆژنامەوانی وەربگرن سەبارەت بە پرسە ژینگەییەکان، لە ناویاندا فۆکەس کردنە سەر تاك، گێڕانەوەی چیرۆك، گرنگیدان بە ڕەهەندە مرۆییەکان و بەکارهێنانی ڕاناوی قسەکەر لەگەڵ ژینگەدا، هەروەها ڕۆژنامەکان هەوڵیانداوە کە لە پرسە ژینگەییەکانیاندا گەشبینانە مامەڵە بکەن بە مەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانی ژینگەیي، هاوکات لە میانەی کارەسات و قەیرانە ژینگەییەکاندا ڕۆژنامەکان ڕومالّی روداوەکانیان کردووە وە لە مەترسییەکانی ئاگاداریان کردونەتەوە.

**ج. توێژینەوەی (سلام نصرالدین 2022)**

بەناو نیشانی ڕۆڵی کەناڵە تەلەفیزیۆنییە کوردییەکان لە بڵاو کردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا، لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە، بریتین لە دیاریکردنی ڕۆڵی کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا، دیاریکردنی ئاستی مەعریفی خوێندکاران سەبارەت بە پرسە ژینگەییەکان، لەگەڵ ناسین و خستنە ڕووی تێڕوانینی خوێندکارانی زانکۆ بۆ ڕۆڵی کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا، جۆری توێژینەوەکە وەسفییە، بۆ بەئامانج گەیشتنی توێژینەوەکە (278) خوێندکاری کوڕو (153) خوێنکاری کچ وەرگیراون، لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، هیچ پڕۆگرامێکی تایبەتی ژینگەیي نییە لە کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکاندا، بەهەردوو جۆری ناوخۆیي و ئاسمانییەکان، ئەوەی هەیە تەنها لە شێوەی هەواڵ و هەوڵە تاکەکەسییەکاندایە لە کاتی بۆنە ژینگەییەکاندایە، هاوکات هیچ جۆرە پەیوەندیەکیش نییە لە نێوان کەناڵە تەلەفیزیۆنیەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی پاراستنی ژینگە، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانیان لە کەناڵەکاندا، هەروەها بۆشاییەکی مەعریفی گەورە هەیە لەناو خوێندکارانی زانکۆدا سەبارەت بە پرسە ژینگەییەکان و هۆشیاری ژینگەیي.

**د. توێژینەوەی (خليفاوي حنان، احمد شوتري، 2024)**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی ڕادیۆی ناوخۆیي لە هۆشیارکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا)، دیارترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ڕۆڵ و کاریگەری میدیا بە تایبەت ڕادیۆی بەهجە لە گەیاندنی پەیامە میدیاییەکەی بە کۆمەڵگەی ناوخۆیي، هەروەها دەستنیشانکردنی ڕادەی هۆشیاری کۆمەڵگە لەڕوی ژینگەییەوە، هەروەها خستنە ڕووی ڕادەی گرنگیدانی ڕادیۆی بەهجە بە بابەت و پرسە ژینگەییەکان. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە پشت بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستراوە. لە دیارترین ئەو دەرئەنجامانەی پێی گەیشتووە: ڕادیۆی بەهجە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و هۆشیاری ژینگەیي، بابەتی پاشماوە کان و پیسبوون بە پاشماوەکان دیرترین ئەو بابەتانەن کە گرنگی پێدراوە لەلایەن بەشداربوانەوە، تاڕادەیەکی مامناوەند ڕادیۆی بەهجە توانیویەتی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری گوێگران دابنێت.

لە میانەی خستنە ڕووی ئەم توێژینەوانەدا دەرکەوتووە کە ڕووی بابەتەوە هاوشێوەییەك هەیە کە بریتییە لە گرنگیدان بە بواری ژینگە، هەروەها لە توێژینەوەکانی پێشوودا پشت بە توێژینەوەی وەسفی بەستراوە، بە بەکارهێنانی میتۆدی جیاوازی ڕووپێوی و شیکاریي، لە ڕووی ئامانجەوە ئەم توێژینەوەیە لە گەل وێژینەوەکانی پێشودا جیاوازیان هەیە، ئەوەش بە هۆی سنووری توێژینەوەو ماوەی توێژینەوەکەو ئەو کۆمەڵگەو سامپڵەی کە وەرگیراون بۆ توێژینەوەکە.

جێی ئاماژەیە توێژەران توانیویانە سوود ببینن لە توێژینەوەکانی پێشوو لە ڕووی بەرچاوو ڕوونی و شێوازی کارکردن بە تیۆرو گریمانەکان لە ئامادە کردنی فۆڕمی ڕاپێوی و دابەشکردنی بەشەکانی توێژینەوەکەدا.

## 2. لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### 2. 1 هەرێمی کوردستان و پرسە ژینگەییەکان :

بەو پێیەی مرۆڤ لە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ ژینگە، ئەوا پێسبوونی ژینگە کاریگەری ڕاستەوخۆو نا ڕاستەوخۆی کردۆتە سەر لایەنی تەندروستی و دەروونی و رەفتاری و ئابووری و لایەنە جۆراوجۆرەکانی تری ژیان، لە ئێستادا میدیا وەك دەسەڵاتی چوارەم ناوزەند دەکرێت و دەیەوێت لە پرسە هەنوکەیي و چارەنوس سازەکان ڕۆڵی خۆی هەبێت، لە ناویشیاندا پرسە ژینگەییەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لە تەکیاندا، سەرەڕای سەرهەڵدانی ڕادیۆ تەلەفیزیۆن و سەتەلایت و ئەنتەرنێت بەشێوازە جۆراو جۆرەکانیانەوە، بەڵام تا ئێستاش ڕادیۆ گوێگری تایبەتی خۆی هەیە، چ لە ماڵ یان لە ناو ئۆتۆمبێلەکاندا هاوڵاتیان گوێبیستی ڕادیۆن. وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندن لەسەردەمی ڕابوردووە تا ئێستا بەردەوامە لە گواستنەوەی زانیارییەکانی لە سەر ئاستی ناوخۆو جیهانی دەرەوە ئاشنا دەکرێن بە کۆمەڵگەکانی تر (علي، محمد، ٢٠٢٠، ٨٢).

دوا بەدوای سە رهەڵدانی گەشەپێدانی ئابووری، فەیلەسوفی ئێرانی ناودار سەید حوسەین نەسر، پێی وایە کە هەتا ئەو کاتەی تەکنۆ- زانست بڕوای بە پێشەنگ بوونی بابەتی خۆی بە سەر فەلسەفەو ئایندا هەبێت، ئەوا زاڵبوونی وێرانکاری ئەو بەسەر سروشتدا درێژە دەکێشێت و بەردەوام دەبێت (جهانبەگلو،2010، 126). دەرئەنجامی ئەم پەیوەندیە ناهاوسەنگەی نێوان مرۆڤ و ژینگە ئەمرۆ کۆمەڵێك پرسی جیهانی ژینگەیي هاتوونەتە ئاراوە کە سەراپای جیهانیان خستۆتە ژێر مەترسیەوە، لە نموونەی هەڵکشانی بیابانەکان و کەم بوونەوەی ئاوی ژێر زەوی و گەرمبوونی زەوی و پیسبوونی ئاوهەواو خاك (المراياتى و الاخرون،2001، 157)، مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە لەسەر هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە وڵاتانی دی زۆر زیاترە، بە هۆی بوونی جەنگە یەك لە دوای یەکەکان و وێرانکردنی گوندەکان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایي ...هتد، هەروەها بزاندرێت ئایا لە ڕووی میدیاییەوە تاچ راددەیەك کار لەسەر ئەم پرسە کراوە؟، ڕۆژنامەکان و تەلەفیزیۆنەکان ڕادیۆ ناوخۆییەکان پڕن لە هەواڵی سیاسي بە ئەندازەیەك نەبێت هەواڵێك لە سەر ڕوداوەکانی تری ناو گۆمەڵگای ئێمە نابیستین،

ئەنفلۆنزای باڵندە نەبوایە هیچمان لە سەر باڵندەکانی کوردستان نەدەبیست (قانع2012، 168).

**سەرهەڵدانی رادیۆ لە هەرێمی کوردستاندا:**

سەرهەڵدانی ئامرازەکان بەم جۆرەی کە ئێستا هەیە، یەکێکە لە دەرکەوتەکانی دونیای مۆدێرن و داهێنانە زەبەلاحەکان بە تایبەت لە بواری میدیا، کە دونیای نەك کردۆتە گوندێك، بەڵکو دونیای کردۆتە ژورێك، بەر لەسەرهەڵدانی دونیای مۆدێرن و بەر لە دۆزینەوەی رادیۆ لە لایەن زانایانەوە لە سەدەی هەژدەدا لە ئەوروپا، بەر لە سەرهەڵدانی هۆکارەکانی پەیوەندی خێزانە دەوڵەمەندە ئەوروپییەکان کەسانێکیان بە کرێ دەگرت تا هەواڵی شوێنە دورەکانیان بۆ بهێنن، پاش ماوەیەک رۆژنامەو گۆڤارەکان دەرکەوتن و شێوازی دابەشکردنیان و گەیاندنیان گەشەیەکی خێرای بەخۆوە بینی، پاش ئەوەی تەلگراف، سینەما، رادیۆ، ئاژانسەکانی دەنگوباس دەرکەوتن وردە وردە پەیوەندی نێودەوڵەتی بوو بەرەگەزێکی سەرەکی ژیانی کۆمەڵگاکان، دواتر مانگە دەستکردەکان و ئینتەرنێت دەرکەوتن کە شۆڕشێکی گەورەی لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا دروستکرد و جیهانی بە تۆڕێکی گەورەی پەیوەندی بەستەوەو گەشەی بە پەیوەندی نێودەوڵەتی داو زانیاری و وێنەی گەیاندە دورترین شوێنی ئەم هەسارەیە (رێشاوی،2017، 33-34 )، هەرێمی کوردستانیش لەم وەرچەرخانە بەدوور نەبوو لە کوردستانیش ئەوەی هەواڵەکانی دەهێنا قاسیدەکان بوون و کە دەیان ناردن بۆ دەستکەوتنی باس وخەبەری، هەربۆیە ئەمەش رەنگیدابووەوە لە گۆرانی فۆلکلۆری میللی کە دەڵێت ( قاسیدێکم بۆ بنێرن بۆ باس و بۆ خەبەری)، بەڵام دوا بەدوای سەرهەڵدانی رادیۆ لە کوردستان، جێگەی لێژرکرد بە خۆشخوانەکان لە قاوەخانەی شارو دیوەخانی ئاغاکان و کەسە ناودارەکان(ئۆسکار مان،2014 ،10 ) ، ئیدی خەڵك بە تاسەوە گوێبیستی رادیۆ دەبوون و شتێکی تەواو سەیرو سەمەرە بوو بەلایانەوە کە چۆن پارچە ئاسنێك قسە دەکات و گۆرانی دەڵێت، ویلفرێد تێسیگێر ( Wilfred Thesiger) کە لەگەشتێك لە باکووری عێراق گەڕاوەتەوە، سەری سوڕمانی خۆی لەو ئاستە بەرزەی گوێگرتنی کوردەکان لە رادیۆ دەربڕیوە. هەروەها تووشی سەرسوڕمان ببوو لەوەی کە کوردەکان زۆرتر لەوەی کە ئاگاداری کاروباری گوندی دراوسێیان بن، ئاگاداری کۆریان، ئەمەش بەهۆی حەزی کوردەکان بۆ گوێ لە رادیۆگرتن دەگەڕێتەوە ( وەلزی و ئیروانی،2020، 25).

دینیس ماکویل (Macquial.D) پێی وایە ئەو ئەرکانەی کە بە ئامرازەکان ئەنجام دەدرێن لە میدیادا پێویستی و پاڵنەرێک هەیە کە پێشتر بوونیان نەبووە، کە پاڵ بە جەماوەرەوە دەنێت بۆ تێرکردنی ئەو پێداویستیانە لە رێگەی بەرکەوتنیان لەگەڵ میدیاکاندا (کنعان، د.س،121). لەو روانگەیەوە رادیۆ ئەرکی هەرە سەرەکی بریتی بوو لەبرەودان و درێژەدان بە رۆشنبیری گوێ، بۆ ئەوەی هەواڵی جیهانمان بۆ بگوێزێتەوە، تا ئێمەش بە تاك و کۆ گوێی بۆ بگرین و بیرمان بکەوێتەوە کە لە دەرەوەی ئێمە جیهانێکی رەش و سپی هەیە کە لە رێگەی دەنگەوە دەیناسین. رادیۆ هەمان رۆڵی حیکایەتخوانی نێو کولتووری زارەکی لەکۆمەڵگە نەریتیەکاندا دەگێڕا (سیوەیلی، 2019، 136-137). گەر بەوردی سەرنجێکی مێژوویی بدەین لە پەیوەندی مرۆڤ بە ئامێرە تەکنەلۆجیەکانەوە لە بواری پەیوەندیدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە بەتایبەت ساڵانی(1950-1975) وەك رۆژگاری رادیۆو سینەما ناسرابوون لە هەرێمی کوردستان (قانع،2013، 222) ، واتە نزیکەی چارەسەدەیەك ئەم رۆڵە گرنگە دەبینێت، بەڵام دوای دەرکەوتنی تەلەفیزیۆن و دواتریش سەتەلایت و ئەنتەرنێت لە هەرێمی کوردستاندا، بە شێوەیەکی رێژەیی رۆڵی رادیۆ کەم دەبێتەوە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا رادیۆ بە هۆی سروشتی خۆیەوە کەم تا زۆر بایەخی خۆی لە دەست نەداوە، بەهۆی ئەوەی دەستمان ناگرێت و لە کارمان ناکات کاتێك گوێی بۆ دەگرین، دەکرێت لە گەڵ گوێ گرتن لە رادیۆ شۆفێری ئۆتۆمبێل بکەین کە بەشێکی ژیانی ئێمە لە ناو ئۆتۆمبیلەکانماندایین، یاخود ئەگەر کابانی ماڵ بین بەدەم چێشتلێنانەوە گوێ لەبەرنامە رادیۆییەکان بگرین (اسماعیل،2003، 167-169) ، لەبەرئەوە دەبینین لەسەر ئاستی نێوخۆیی و جیهانی رادیۆی ناوخۆیی و جیهانی هەن کە خاوەنی کاریگەریی خۆیانن و جێ دەستیان لە رووی میدیاییەوە دیارە و کار لەسەربابەتە هەمەجۆرەکان دەکەن. ئەگەر سیاسەتی دوژمنداکارانە دژی ژینگەو زاڵبوونی تەکنۆ زانست بە دیوێکدا زیانی گەورەی بە ژینگە گەیاندبێت ئەوا بە دیوێکی دیکەشدا دەکرێت بڵێین کە هیچ دەستەیەکی مرۆیی پێش سەرهەڵدانی مرۆڤی مۆدێرن، نەیتوانیوە سروشت وەك خەمێکی هاوبەش کە مەزنترە لە خەونی ئاین و نەتەوەو ئایدیۆلۆژیا و دەوڵەت، بەر جەستە بکات و لە روانگە ئەقڵانیەکەی خۆیەوە، پاساو بۆ پاراستنی و خەبات بۆ هێشتنەوەی بکات(سیوەیلی،2011، 21). لەم رووەشەوە میدیا لە دروستکردنی رای گشتی و کارکردن لە سەر پرسە گشتییەکان کاری خۆی کردووە، جەماوەر هەڵوێست و زانیارییەکانی لەرێگەی ئەمرازە میدیاییەکانەوە پێدەگات، کە یارمەتی دەدەن بۆ پێکهێنانی وێنایەکی زیهنی لەمەڕ جیهان، ولبەرشرام پێی وایە مرۆڤ لە (70%)ی وێنەکان لە رێگەی ئامرازە میدیاییەکانەوە لەزیهنیدا دەچەسپێن(رێشاوی،2017، 123-124)، واتە ئەمرۆ میدیا ئەرکی پێدانی هەواڵ و زانیاریی تێپەڕاندووە بۆ هەستان بە ئەرکی پێڕاگەیاندن و هۆشیارکردنەوە وبڕوا پێهێنان و ئەرکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و فێرکاریی و مرۆیی کە هەندێ جار جێگەی خێزان و دەسەڵات و رەنگە دەزگا ئاینییەکانیشی بگرێتەوە.

## 2. 2 راگەیاندنی ژینگەیی و قۆناغ و ئامانجەکانی راگەیاندنی ژینگەیی:

### یەکەم: ژینگەو راگەیاندنی ژینگەیی:

ژینگە بەوە دەناسێنرێت کە بریتییە لە هەر شتێك کە چواردەوری مرۆڤی داوە لە هەوا و ئاوو خاك و فەزای دەرەکی، هەموو گیانداڕو بێگیانێك(حبیب،2011، 155).هەروەها بە پێی یاسای پارێزگاری ژینگەو باشکردنی لە هەرێمی کوردستان ژمارە 8 ی ساڵی 2008 لە بڕگەی هەشتی ماددەی یەك بەم شێوەیە پێناسەی ژینگەی کردووە، ( ئەو دەورو بەرە ژیان بەخشەیە کە پێکهاتووە لە بوونەوەرە زیندووەکان لە مرۆڤ و ئاژەڵ و رووەك و پێکهاتەکانی گیاندارەکان و هەرچی دەوری داوە لە ئاوو هەواو، خاك و ئەوەی لە خۆی دەگرێت لە ماددەکانی رەق و شلەو گازەکان، و ئەو دامەزراوە جێگرو جوڵاوانەی کە مرۆڤ لە سەریدا بونیاتی دەنێت) (صالح و علی،2010، 8) ، لە کاتێکدا لە یاسای ژینگەی عێراقی لە ماددەی دووەم لە یاسای پارێزگاری ژینگەو باشکردنی ژینگە ژمارە 27 لە ساڵی 2009 بەم شێوەیە پێناسەی ژینگە دەکات کە بریتییە: لەو رووبەرەی کە هەمو زیندەوەرانی تێدا دەژی بە هەموو رەگەزەکانیەوە(الوقائع العراقیە، 2010).

بەشێوەیەکی گشتی ژینگە بۆ سێ جۆر دابەشکراوە کە بریتین لە:

1. ژینگەی سروشتی: کە پێك دێن لە چوار سستمی پەیوەندیداری پێکەوە کە ئەوانیش بریتین لە ئاو هەواو وشکانی و بۆشایی ئاسمان (الغلاف الجوی) کە ئەمانیش بە شێوەیەکی گشتی پێك دێن لە ئاو هەواو خاك و کانزاکان، سەرچاوەکانی وزە، سەرەڕای گیاندارو رووەکەکان.
2. ژینگەی بایۆلۆژی: ئەمەش مرۆڤ و بوونەوەرە زیندووەکانی دی دەگرێتەوە، ئەم ژینگە بایۆلۆژییە وەك بەشێك لە ژینگەی سروستی لە قەڵەم دەدرێت.

3. ژینگەی کۆمەڵایەتی: بریتیە لەو چوارچێوەیەی کە پەیوەندییە مرۆییەکان تێدا بەڕێوەدەچن. (حسين،2007، 7).

ڕۆڵی بەرنامە تایبەتمەندەکان لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ لە چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان گرنگییەکی زۆری هەیە، هەروەها بەشداری میدیای چاپکراو لە بڵاوکردنەوەی بابەتی شیکاری لەسەر بابەتی ژینگە پارێزی، ڕووداوەکانی ژینگە، چەمکەکانی پاراستنی ژینگە و خەڵکی گشتی. دۆخی ژینگەی جیهانی و مەترسی لەسەر هەسارەکە، بەدیهێنانی ئەرکە زانیاری و پەروەردەییەکان لە بواری کولتووری ژینگەدا لە سروشتی خودی میدیاوە سەرچاوە دەگرێت، وەک گرنگترین فاکتەر لە زانیارییە مامناوەندەکاندا. جگە لەوەش دەبێت میدیاکان بە چەمکی بەرنامە و سیاسەتی سەرنووسەری ڕێنمایی بکرێن، بەڵام هەروەها بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناوەڕۆکی پەیوەندیدار بە ژینگەوە ڕێنمایی بکرێن. ئەم بەرژەوەندیانە میدیا دەخەنە ناو هەندێک ئەرکی پیشەیی و ئەخلاقیەوە.

**دووەم: قۆناغەکانی گەشەکردنی ڕاگەیاندنی ژینگەیی:**

دەرکەوتنی ڕاگەیاندنی ژینگەیی بە کۆمەڵێك قۆناغدا تێپەڕیوە تا گەیشتوەتە ئەم ئاستەی ئەمڕۆ، لە دیارترین ئەو قۆناغانەش بریتین لە (نصرالدين، 2022) :

1- قۆناغی بڵاوکردنەوەی بابەتە ژینگەییەکان لەساتی ڕودانیدا، بەتایبەت مامەڵەی لەگەڵ پرسە ژینگەییە مەترسیدار و ورووژێنەرەکان لەکاتی ڕوودانیاندا.

2- قۆناغی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندە کە ئاراستەی کەرتێکی دیاریکراوی ئارەزوومەند و پسپۆڕ دەکرا، لەگەڵ گرنگیدان بە هەواڵی سنووردار.

3- قۆناغی میدیای گشتی، کەئامانجی بلوریکردنی دیدێکی دیاریکراوە لە نێوان بینەرانی وەرگرەکاندا. ئارەزووی میدیاکان بۆ پرسەکانی ژینگە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا زیادی کرد دوای ئەوەی پرسە ژینگەییەکان سیمایەکی نێودەوڵەتییان گرتەبەر دوای زنجیرەیەک سیمینار و کۆنفرانس کە باسیان لە ڕێگاکانی پاراستنی ژینگە کرد و باسیان لێکرا. کە بریتین لە: .

أ. کارکردن لەسەر بەرزکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لە ڕێگەی بەردەستخستنی زانیارییە ژینگەییەکان و پێشکەشکردنی بە جەماوەر.

ب. کارکردن لە سەر گۆڕانکاری لە ئاراستەی جەماوەردا لە ڕەفتاری نەرێنی و تێڕوانینی نەرێنەوە بۆ ڕەفتاری ئەرێنی دروست.

ج. خستنە ڕووی ڕەفتارە ئەرێنییە ژینگەییەکان و نیشاندانی وەك نموونەی ئەرێنی بەمەبەستی چاولێکردن لەسەری.

د. هاندانی هاونیشتمانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەو مەترسییە ژینگەییەکان.

هـ. بەرزکردنەوەی هۆشیاری هاوڵاتیان سەبارەت بە یاساکانی پاراستنی ژینگە.

**سێیەم: ئامانجەکانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی**

ڕاگەیاندنی ژینگەیی بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێک ئامانج هەوڵ دەدات، لەوانە(عمر،1997، 76):

1- گەشەپێدانی هۆشیاری بەرپرسیارێتی ژینگەیی لای جەماوەرەو ئاراستەکردنی ڕەفتارو چالاکیەکانی بۆ گەیشتن بە هۆشیارییەکی تەواو لای جەماوەر و بەرپرسان.

2- ڕاکێشانی سەرنجی هاوڵاتیان بۆ کێشە ژینگەییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهان، هەروەها ئاشناکردنیان بە کاریگەرییەکانی لەسەر کۆی ژیانیان لە ڕوی تەندروستی و ئابوری و کات بەسەر بردنیان.

3- ئاراستەکردنی ڕەفتاری کۆمەڵگە بەو ئاراستەیەی کە چالاکیەکانیان بەرەو هاوڕێی ژینگەو سروشت بڕوات.

4- کۆکردنەوەی زانیاری و داتای باوەڕ پێکراو و پەیوەندیدار بەهەمە جۆری ژیانی و ژینگەیی بەشێوەیەک بگونجێت لەگەڵ توێژەرانی کۆمەڵگە بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی ئاستەکانی ڕۆشنبیری و تەمەن و بایەخ پێدانەکانیان.

5- ناساندنی یاساکانی پاراستنی ژینگە بۆ بەدیهێنانی ئاستی پێویست لەو بواری ژینگەدا.

6- ناساندنی جەماوەر بەو چالاکیانەی لەسەر ئاستە فەرمی و نافەرمیەکان ئەنجامدەدرێت کە پەیوەندی بە بواری ژینگەوە هەیە وەک کۆنفراس و سیمپۆزیم و بۆنەکان.

7- پاڵپشتیکردنی دانانی پلان و بەرنامەی گەشە پێدانی هۆشیاری و ڕۆشنبیری ژینگەیی لەزانکۆکان وکۆلێجەکان و قوتابخانەکان، لە ڕێگەی دروستکردنی کۆمەڵە بۆ هاوڕێیانی ژینگەو سروشت لەسەر بنەمای پێوانە جیهانی و ناوخۆییەکان.

8- قوڵکردنەوەی تێڕوانینە نێو دەوڵەتیەکان بۆ بواری ژینگە، وەک کێشەیەکی گەردوونی کە بۆتە هۆی هەڕەشەکردن لەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بەشێوەیەک کە مەترسیەکەی سنور نازانێت، کە جیهان وەک گوندێکی بچوکی لێهاتووە.

9- بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان مرۆڤ و بەرژەوەندیەکانی و چالاکیەکانی لەلایەک و سروشت و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی لە لایەکی تر کە بەردەوامی ژیان درێژە پێدەدات.

## 3. لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە

### 3. 1 ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

**1. جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە:**

هەروەك لە بەشی میتۆدنامەدا ئاماژەی پێ دراوە کە جۆری توێژینەکەمان وەسفییە بە بەکارهێنانی میتۆدی رووپێوی.

**2. میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستووە بە بەکارهێنانی ڕێبازی ڕوپێوی مەیدانی کە بە میتۆدیّ روپێوی بەستووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

**3. کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەکە:**

مەبەست لە کۆمەڵگەی توێژینەوە ئەو کۆمەڵگەیەیە کە توێژەرزان دیاریان کردووە کە توێژینەوەکەی لە بارەوە ئەنجامدەدرێت، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی لە هەر چوار کەمپی زانکۆ لەناوەندی پارێزگای سلێمانی و دەرەوەی پارێزگا، هەروەها نموونەی توێژینەوەکەش بریتییە لە بەشێك لە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی.

**4. قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە:**

نموونەی توێژینەوەکەش بریتیە لە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی لە کۆلێجە مرۆییەکان کە بە شێوای قورعە کۆلێجەکان دیاریکراون بەشێوەی نمونەی هەرەمەکی فرە قۆناغ (العينة العشوائية متعددة المراحل او العنقودية)وەرگیراون، پێکهاتوون لە (164) مامۆستا، بۆ دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە پشت بە پێوەری STV بەستراوە، واتە ژمارەی بڕگەکانی پێوانەکە کە (32) بڕگەیە کەڕەتی (5) کە بریتیە لە ئەگەری وەڵام دانەوەی بەشداربووان لێرەدا بریتییە لە پێوانەی لیکارتی (5)، بەم جۆرەش (32 * 5 = 160) یەکەی توێژینەوە، بەڵام ئێمە (164) مامۆستای زانکۆی سلێمانیمان وەرگرتووە.

**5. سنوری توێژینەوەکە:**

أ. سنوری شوێن: مەبەست لە شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکەیە کە بریتیە لە پارێزگای سلێمانی.

ب. سنوری کات: ماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت کەبریتیە لەماوەی نێوان 2024/2/1 بۆ 2024/7/1

ج. سنوری بابەت: بریتیە لە ڕوماڵی بابەتە ژینگەییەکان ڕادیۆ ناوخۆییەکان لەڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانییەوە.

**6. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری**

ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەفۆرمپێوانە کردن کە پێوانەی لیکارتی (5) ی کە لەتوێژینەوەکانی پێشوو هەروەها لایەنی تیۆری توێژینەوەکەوە وەرگیراون.

**7. ڕاستگۆیی پێوانەی توێژینەوەکە:**

بۆ ئەم مەبەستە توێژەران پشتیان بەستووە بە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی لە ڕێگەی پسپۆڕانەوە بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران فۆرمی پێوانەکەیان بۆ (5) شارەزا ناردووە، ئاستی هەڵسەنگاندنەکەیان بۆ کۆی بڕگەکان گەیشتۆتە( 0.98 )، کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە و ئەوە دەردەخات کە دەکرێت ئەم پێوانەیە لە ڕووی زانستییەوە پشتی پێ ببەسترێت.

**8. جێگیری فۆرمی پێوانەیی :**

خشتەی١ بەهای جێگیری فۆرمی ڕاپێوی

| ڕێژەی پەیوەندی پێش ڕاستکردنەوە | ڕاستکردنەوەی ڕێژە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی سپیرمان- براون | ژمارە |
|---|---|---|
| 0.831 | 0.907 | 164 |

دەرهێنانی جێگیری بە ڕێگای (سبیرمان - براون) بە پێی هاوکێشەی $r\,SB = \frac{2\times r}{1+r}$ ، یەکێکە لە شێوەکانی جێگیری چوونیەکی ناوخۆیی، دوا بەدوای جیبەجێکردنی پێوەری(سبیرمان - براون) بە ڕێگەی دابەشبونی نیوەیی بۆ دوو کۆمەڵە، بۆ وەڵامەکانی پرسیارەکانی ناو تەوەرە جیاوازەکان بۆمان دەرکەوت کە داتاکان ئاماژە بە بوونی پەیوەستییەکی بەهێز دەکەن لە سەر ئاستی جێگیری بڕگەکانی توێژینەوەکە بە نمرەی (0.90 ) کە ئەوەش بەهایەکی بەرزە و ئاماژە بۆ جێگیری پێوانەکە دەکات لە ئاستێکی باشدا.


**3. 2 ئەنجامی شیکاری بەشی مەیدانی**

ئەم باسە تایبەتە بە خستنە ڕووی کۆی ئەو ئەنجامانەی لەشیکاری داتاکاندا بەدەست هاتوون، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

تەوەری یەکەم: دابەشبوونی دیمۆگرافی لێتوێژراوان

**1- دابەش بونی ڕێژەی بەشداربووان بە پێی ڕەگەز:**


بە پێی ئەنجامی شیکاری فۆرمەکان دەرکەوتووە لە کۆی 164 بەشدار بوو لە ڕاپرسیەکەدا 65% ی بەشداربووان لە ڕەگەزی نێرن و 35%ی ڕەگەزی مێ پێکدەهێنێت، بڕوانە شێوەی1.




شێوەی 1 دابەش بونی ڕێژەی بەشداربووان بە پێی ڕەگەز

**2- دابەش بونی ڕێژەی بەشداربووان بە پێی پلەی زانستی:**

بە پێی ئەنجامی شیکاری فۆرمەکان دەرکەوتووە لە کۆی 164 بەشدار بوو لە ڕاپرسیەکەدا، 22% ی نازناوی زانستی مامۆستای یاریدەری هەبووە، لە 43%ی نازناوی زانستی مامۆستا بووە،هەروەها 25% نازناوی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەبووە، بەڵام تەنها10% ی بەشداربووان نازناوی زانستی پرۆفیسۆر پێک هێناوە. بڕوانە شێوەی 2.





شێوەی 2 دابەش بونی ڕێژەی بەشداربووان بە پێی پلەی زانستی

**3- دابەش بونی ڕێژەی بەشدار بووان بە پێی کۆلێج:**

ئەنجامەکان دەریان خستووە لەکۆی 164 بەشداربوو کە فۆرمی ڕاپرسیەکەیان بەسەردا دابەشکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان ڕێژەی 39%ی بەشداربووان پێک دەهێنێت، پاشان کۆلێجی یاسا بەڕێژەی 18%، دواتر کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان بەڕێژەی 15% دێت، هەروەها کۆلێجی زمان بەڕێژەی 10% بەشدارییان کردووە، بەڵام ڕێژەی بەشداربووان لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت بەڕێژەی 9%ی پێکهێناوە، هەروەها کۆلێجی زانستە سیاسیەکان بەڕێژەی 5%، پاشان کۆلێجی زانستی ژینگە بەڕێژەی 4% بەشدارییان کردووە. بڕوانە شێوەی 3، هۆکاری کەمی ڕێژەی بەشداریکردن لەو کۆلێجانە، بۆ کەمی ژمارەی مامۆستایان لەلایەک و بەشدارینەکردنی مامۆستایان لەوەڵامدانەوەی فۆرمەکان لەلایەکی تر دەگەڕێتەوە.


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp386-399




شێوەی 3 دابەش بونی ڕێژەی بەشداربووان بە پێی کۆلێج

**4- ڕێژەی بەشدار بووان بە پێی باری خێزانی:**


ئەنجامەکان دەریانخستووە کە باری خێزانی بەشداربووان، سەڵت ڕێژەی 15% پێک دەهێنێت، لەکاتێکدا خێزاندار ڕێژەی 80%ی پێکهێناوە، جیابووەوە ڕێژەی 4% و تاک مردوو تەنها 1% ی بەشدار بووانی پێکهێناوە. بڕوانە شێوەی4.




شێوەی 4 ڕێژەی بەشدار بووان بە پێی باری خێزانی

**5- ڕێژەی بەشدار بووان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون:**

ئەنجامەکان دەریانخستووە کە بەشداربووان، ڕێژەی 97% یان دانیشتووی ناوشارن، لە ڕێژەی 3%ی بەشداربووان دانیشتووی دەرەوەی شارن. بڕوانە شێوەی5.





شێوەی 5 ڕێژەی بەشدار بووان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون

**تەوەری دووەم :بەرکەوتن بە رادوی ناوخۆییەکان**

**1- ئاستی گوێگرتن بۆ ڕادیۆ ناوخۆییەکان**


ئەنجامەکان دەریانخستووەکە ڕادەی گوێگرتن بۆ ڕادیۆ ناوخۆیەکان لەلای بەشداربوان لە کۆی 164 بەشداربوو، 24% بە شێوەی بەردەوام گوێ لە ڕادیۆ ناوخۆییەکان دەگرن، لەکاتێکدا 30% تا ڕادەیەک گوێ بیستی ڕادیۆ ناوخۆییەکانن، بەڵام 46% بە پێی کات گوێ لەڕادیۆ ناوخۆییەکان دەگرن، ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە ئاستی گوێبیست بوون بۆ ڕادیۆ ناوخۆییەکان ناڕێکە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گوێگران زیاتر لەو کاتانەدا گوێبیستی ڕادیۆن کە لە ناو ئۆتۆمبێلەکاندان و وە جۆری ئەو بابەتانە هەڵدەبژێررن کە خۆیان ئارەزووی دەکەن. بڕوانە شێوەی6.




شێوەی٦ ڕێژەی ئاستی گوێگرتن بەشداربوان بۆ ڕادیۆ ناوخۆییەکان

**2. شوێنی گوێبیست بوونی ڕادیۆ**


ئەنجامەکان دەریان خستووە کەشوێنی گوێگرتن بۆ ڕادیۆ ناوخۆیەکان لەلای بەشداربوان لەکۆی 164 بەشداربوو، 85% لە ئۆتومبێلدا گوێ لەڕادیۆ ناوخۆییەکان دەگرن، لە کاتێکدا 12% لە ناوماڵ گوێ بیستی ڕادیۆ ناوخۆییەکانن، بەڵام 3% لە شوێنی کاردا گوێ لەڕادیۆ ناوخۆییەکان دەگرن، ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە شوێنی گوێبیست بوون بۆ ڕادیۆ ناوخۆییەکان زیاتر لەو کاتەدایە کەبەشدابووان لە ناو ئۆتومبێلەکانیاندان کە زۆرینەیان لەرەگەزی نێرن، ئەوانەش کە لەماڵەکاندا گوێ بیستی ڕادیۆ ناوخۆییەکان دەبن، بە هۆی بوونی پەخشی ڕادیۆیی لە ناو ئۆتۆمبێلەکاندا وای کردووە کە شۆفێران لە کاتی شۆفێریشدا بتوانن گوێ لە ڕادیۆ ناوخۆییەکان بگرن کە کاریگەری زۆری لە سەر ئەنجامدانی شۆفێرییەکەیان نابێت.بڕوانە شێوەی7.




شێوەی 7 شوێنی گوێبیست بوونی بەشداربووان بۆ جۆری ڕادیۆ ناو خۆییەکان

**3. ماوەی گوێبیست بوون بۆ ڕادیۆ ناوخۆییەکان لە شە وو ڕۆژێکدا**


ئەنجامەکان دەریان خستووەکە ماوەی گوێگرتن بۆ ڕادیۆ ناوخۆیەکان لەلای بەشداربوان لە کۆی 164 بەشداربوو، 71% بە شێوەی کەمتر لە 1 کاتژمێر گوێ لەڕادیۆ ناوخۆییەکان دەگرن، لەکاتێکدا 19% بەشداربووان 1-2 کاتژمێر گوێ بیستی ڕادیۆ ناوخۆییەکانن، لەهەمان کاتدا 8% بۆماوەی 2-3 کاتژمێر گوێ لەڕادیۆ ناوخۆییەکان دەگرن، بەڵام تەنها 2%ی بەشداربووان ماوەی گوێگرتنیان بۆ ڕادیۆ ناوخۆییەکان 3-4 کاتژمێرە، ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە ئاستی گوێبیست بوون بۆ ڕادیۆ ناوخۆییەکان لە ئاستێکی نزمدایە ئەوەش پاڵپشتی ئەنجامی شێوەی 5 دەکات کە زۆرینەی بەشداربووان بەپێی کات گوێ لەڕادیۆ ناوخۆییەکان دەگرن. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نموونەی توێژینەوەکە لەو کاتانادا گوێبیستی ڕادیۆ دەبن کە شۆفێری ئەنجام دەدەن لە کاتی چوون یان گەڕانەوە بۆ سەرکار. بڕوانە شێوەی8.




شێوەی 8 ماوەی گوێبیست بوون بۆ ڕادیۆ ناوخۆییەکان لە شە وو ڕۆژێکدا

**4. ڕادەی گرنگیدان بە بابەتە ژینگەییەکان لەڕێگەی ڕادیۆ ناوخۆییەکان**


ئەنجامەکان دەریان خستووە کەڕادەی گرنگیدان بە بابەتە ژینگەییەکان لەڕێگەی ڕادیۆ ناوخۆییەکانەلای بەشداربوان لەکۆی 164بەشداربوو، 28% بە ڕادەیەکی زۆر گرنگی بە بابەتە ژینگەییەکان دەدەن لەڕێگەی ڕادیۆ ناوخۆییەکان، لەهەمان کاتدا تەنها 23% بەشداربووان بەڕادەیەکی کەم گرنگی بە بابەتە ژینگەیەکان دەدەن؛ بەڵام 49%ی بەشداربوان تاڕادەیەک گرنگی بە بابەتە ژینگەییەکان دەدەن لەڕێگەی ڕادیۆ ناوخۆییەکان، ئەوەش دەریدەخات کەڕادەی گرنگیدان بەبابەت ژینگەییەکان لە ئاستێکی مامناوەندایە، ئەمەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەشداربووان لە باکگراوندی جیاوازەوە سەیری پرسە ژینگەییەکان دەکەن. بڕوانە شێوەی٩.




شێوەی ٩ ڕادەی گرنگیدان بە بابەتە ژینگەییەکان لەڕێگەی ڕادیۆ ناوخۆییەکان

**5. پشت بەستن بە جۆری بڕگەو بەرنامەی ڕادیۆیی تایبەت بە بابەتە ژینگەییەکان لەڕێگەی ڕادیۆ ناوخۆییەکان**


ئەنجامەکان دەری دەخەن کە گوێبیست بوون بۆ جۆری ئەو ژانرە میدیاییانەی لە ڕێگەیەوە بەشداربووان گوێبیستی بابەتە ژینگەییەکان دەبن لەڕێگەی ڕادیۆ ناوخۆییەکان؛ لەکۆی 164بەشداربوو، 38% بەشداربوو پشت بەهەواڵەکان دەبەستن، لەهەمان کاتدا 24%ی بەشداربووان پشت بەو بەرنامانە دەبەستن کە تایبەت بە بواری ژینگە ئامادەو پێشکەش دەکرێن، لە کاتێکدا 13% ی بەشداربووان پشت بەڕاپۆرتە ژینگەییەکان و 13% گوێبیستی ڕیکلامی ژینگەیی دەبن بۆ بابەتە ژینگەییەکان، هەروەها 12%ی بەشداربووان پشت بەهەڵمەتی ژینگەیی دەبەستن کەلەڕێگەی ڕادیۆ ناوخۆییەکان پێشکەش دەکرێن، ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە بەشداربووان ڕایان وایە کە هەواڵ و بەرنامە تایبەتەکانی ژینگە، زیاتر زانیاری نوێیان لەو دوو ژانرە ڕۆژنامەوانیەوە بەدەست دەگات بۆ تێگەیشتن لە پرسە ژینگەییەکان، بڕوانە شێوەی ١٠.




شێوەی ١٠ گرنگیدان بە جۆری بابەتە ژینگەییەکان لەڕێگەی ڕادیۆ ناوخۆییەکان

**6. کاریگەری ڕادیۆ ناوخۆییەکان لەسەر بەشداربووان لە ڕوی ژینگەییەوە.**

ئەنجامەکان دەری دەخەن کە کاریگەری ڕادیۆ ناوخۆییەکان لەسەر بەشداربووان لە ڕوی ژینگەییەوە؛ 42%ی بەشداربووان هۆشیاری ژینگەیی لای بەشدار بووان زیادی کردووە، لەهەمان کاتدا 24%ی بەشداربووان ئاشنابوون بە ڕێگا تازەکانی ڕووبەڕوونەوەی کێشە ژینگەییەکان، هەروەها 20% ی بەشداربووان ئاشنا بوون بە ڕەفتاری نوێی ژینگەیی، هاوکات 14%ی بەشداربووان بەشدارییان لە هەڵمەتە ژینگەییەکان کردووە،کەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین کە ڕادیۆ ناوخۆییەکان کاریگەری پۆزەتیڤیان هەیە لەو بارەیەوە، بڕوانە شێوەی١١.





شێوەی ١١ کاریگەری ڕادیۆ ناوخۆییەکانلەسەر بەشداربووان لە ڕوی ژینگەییەوە

**تەوەری سێیەم: ڕادەی گرنگیدان بە ژینگە :**

**1- ڕادەی بوونی زانیاری لەسەر بابەتە ژینگەیەکان**

ئەنجامەکان دەریان خستووە کەڕادەی بونی زانیاری لەسەر بابەتە ژینگەیەکان لەلای بەشداربوان، 44% بە ڕادەیەکی زۆر زانیاری لەسەر بابەتە ژینگەییەکان هەیە، لەهەمان کاتدا 48%ی بەشداربوان تاڕادەیەک زانیاریان لەسەر بابەتە ژینگەییەکان هەیە، بەڵام 8% بەشداربووان زانیاری کەمیان لەسەر بابەتە ژینگەییەکان هەیە، ئەوەش دەریدەخات کەڕادەی گرنگیدان بەبابەت ژینگەییەکان لە ئاستێکی بەرزدایە لەلای بەشدار بووان، بڕوانە شێوەی١٢.


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp386-399




شێوەی ١٢ ڕادەی بونی  زانیاری لەسەر بابەتە ژینگەیەکان

**2-گوێ بیست بوون بۆ بڕگەو بەرنامەی بابەتە ژینگەییەکان  لە ڕێگەی ڕادیۆوە.**

ئەنجامەکان دەریان خستووە کەڕادەی گوێ بیست بوون بۆ بڕگەو بەرنامەی بابەتە ژینگەییەکان  لە ڕێگەی ڕادیۆیەوە لەلای بەشداربوان، 16% بە ڕادەیەکی زۆر گوێ بیستی بڕگەو بەرنامەی بابەتە ژینگەییەکان دەبن، لەهەمان کاتدا 55%ی بەشداربوان تاڕادەیەک گوێ بیستی بڕگەو بەرنامەی بابەتە ژینگەییەکان دەبن، بەڵام تەنها 29% بەشداربووان بەپێی کات گوێ بیستی بڕگەو بەرنامەی بابەتە ژینگەییەکان دەبن، ئەوەش دەریدەخات کەڕادەی گوێ بیست بوون بۆ بڕگەو بەرنامەی بابەتە ژینگەییەکان لە ڕێگەی ڕادیۆیەوە لە ئاستێکی بەرزدایە لەلای بەشدار بووان، بە هۆی ئەوەی کە ڕەنگە ئەم ئاستە لە تەمەن کە مامۆستایانی زانکۆن کەمترن کاتی سۆشیاڵ میدیایان هەبێت و زیاتر لە ڕێگەی ڕادیۆوە پشت بە وەرگرتنی زیاناری ببەستن بە بەراورد بە ئەنجامەکانی دی، بڕوانە شێوەی١٣.





شێوەی ١٣ ماوەی گوێ بیست بوون بۆ بڕگەو بەرنامەی بابەتە ژینگەییەکان  لە ڕێگەی ڕادیۆیەوە

**٢. بایەخ پێدان بەبابەتی ژینگەیی لە ڕادیۆ ناوخۆییەکان**

ئەنجامەکان دەریان خستووە کەڕادەی بایەخ پێدان بەبابەتی ژینگەیی لە ڕادیۆ ناوخۆییەکان، بەشداربووان ڕایان وابووەکە بە ڕێژەی 42% و بە پلەی یەکەم ڕادیۆ ناوخۆییەکان بایەخیان بۆ بابەتە سروستیەکان هەبووەبە، هەروەها پیسبوونی ژینگە بەڕێژەی 33%و بەپلەی دووەم جێگەی بایەخی ڕادیۆ ناوخۆییەکانبووە، ڕووداوو کارەساتە مرۆییەکانیش بەڕێژەی 25% و بەپلەی سێیەم جێگەی بایەخی ئژگە ڕادیۆییەکان بووە.


ئەم ئەنجامە دەریدەخات لە کۆی بایەخپێدانەکانی ڕادیۆ ناوخۆییەکانکە بۆ بابەتەکانی تایبەت بە ژینگە هەیانبووە، زیاتر بایەخپێدانەکانیان بۆ ڕوداوە سروشتیەکان بووە لە ڕووی ژینگەییەوە، بڕوانە شێوەی ١٤.




شێوەی ١٤ جۆری بایەخ پێدان بەبابەتی ژینگەیی لە ڕادیۆ ناوخۆییەکان

**٣. سەرنجدان بۆ جۆری کێشەی ژینگە لە ڕادیۆ ناوخۆییەکان**

ئەنجامەکان دەریان خستووە کەڕادەی سەرنجدان بۆ جۆری کێشەی ژینگە ڕادیۆ ناوخۆییەکان لەلای بەشداربووان، ڕێژەی 26%زیاتر سەرنجیان بۆ ئەو بابەتانە هەبووە کە پەیوەندی بە پیسبوونی هەواوە هەبووە، ڕێژەی 20% سەرنجیان لەسەر بابەتەکانی پیسبوونی ئاو هەبووە، بەڕێژەی 19% سەرنجیان لەسەر پیسبوونی خاک هەبووە، بە ڕێژەی 12% سەرنجیان بۆ ئەو بابەتانە هەبووە کە پەیوەندی بە پیسبوون بە ماددە پلاستیکیەکان هەبووە، هەروەها بەڕێژەی 9% سەرنجیان بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە پیسبوونی بیستن و ژاوە ژاوەوە هەبووە، هەروەها بە ڕێژەی 7% سەرنجیان بۆ ئەو بابەتانە هەبووە کە پەیوەندیان بە پیسبوونی ڕوناکی و پیسبونی بینینەوە هەبووە، بڕوانی شێوەی١٥.




شێوەی ١٥ جۆری سەرنجدانی بەشداربووان بۆ جۆری کێشەی ژینگە لە ڕادیۆ ناوخۆییەکان

**4. ڕادەی بایەخپێدان بە پرسە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا**

**وەک لە خشتەی ٢ دا خراوەتە ڕوو، ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆ دەردەکەوێت بۆ ئەو بڕگانەی  دەربارەی پرسە ژینگەییەکان دیاریکراوە، دواتە لە**

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp386-399

خشتەی ٢ ڕوانگەی مامۆستیانی زانکۆ بۆ ڕادەی بایەخپێدان بە پرسەژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا

| ز | بڕگە | زۆر هاوڕام | هاوڕام | دڵنیا نیم | هاوڕانیم | زۆر هاوڕانیم | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1. | ڕوماڵکردنی بابەتە ژینگەییەکان لەڕادیۆ ناوخۆییەکاندا ڕوکەشانە یە. | 3 | 9 | 23 | 79 | 50 | 0.913 | 4.00 |
| 2. | گرنگیدان بە بابەتە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا لاواز دەبینرێت. | 4 | 8 | 6 | 80 | 66 | 0.923 | 4.07 |
| 3. | پێشکەشکردنی بابەتە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا کاریگەری لاوازە لەسەر بیستەران. | 3 | 14 | 26 | 74 | 47 | 0.973 | 3.90 |
| 4. | لەزۆربەی ڕوماڵی بابەتە ژینگەییەکاندا نەتوانراوە چارەسەر بۆ کێشە ژینگەییەکان بخرێتە ڕوو. | 5 | 18 | 14 | 70 | 57 | 1.072 | 3.95 |
| 5. | ڕادەی بایەخ پێدان بەپرسە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا زیاتر تایبەتە بە پرسە ژینگەییە ناوخۆییەکان. | 2 | 15 | 29 | 78 | 40 | 0.937 | 3.84 |
| 6. | بایەخ پێدانی ڕادیۆ ناوخۆییەکان هاوکارنین لە دروستکردنی هۆشیاری ژینگەیی لای بیستەران. | 12 | 27 | 33 | 59 | 33 | 1.194 | 3.45 |
| 7. | ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا ڕۆڵێکی ئەرێنی دەگێڕن لەڕوی بڵاو کردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا. | 5 | 33 | 36 | 67 | 23 | 1.057 | 3.42 |
| 8. | لەڕادیۆ ناوخۆییەکاندا توانراوە دیاردە ژینگەییە ناشیرینەکان زیاتر بخرێنە بەر باس. | 5 | 29 | 35 | 74 | 21 | 1.023 | 3.46 |
| 9. | ڕادیۆ ناوخۆییەکان ڕۆڵیان نیە لە بنیاتنانی ڕەفتار وئاکاری ژینگەیی لای بیستەران. | 7 | 38 | 43 | 48 | 28 | 1.133 | 3.31 |
| 10. | ڕادیۆ ناوخۆییەکان توانیویانە زانیاری تەواو دەستەبەر بکەن بۆ بیستەران لە ڕووی بابەتە ژینگەییەکانەوە. | 8 | 49 | 43 | 45 | 19 | 1.107 | 3.10 |
| 11. | ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا یارمەتی دەرێکی باشن بۆ ئاشناکردنی بیستەران بە مەترسییە ژینگەییەکان لە هەرێمی کوردستاندا. | 8 | 33 | 32 | 64 | 27 | 1.129 | 3.42 |
| 12. | ڕادیۆ ناوخۆییەکان زیاتر لەکاتی بۆنەکاندا، گرنگی بە بابەتە ژینگەییەکان دەدەن. | 2 | 15 | 27 | 71 | 49 | 0.968 | 3.91 |
| 13. | ڕادیۆ ناوخۆییەکان ناوەندێکی کاران بۆ هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا. | 9 | 33 | 50 | 43 | 29 | 1.142 | 3.30 |
| 14. | لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا کەمتر شارەزایی و پسپۆری لە خستنە ڕوی بابەتە ژینگەییەکاندا بە دی دەکرێت. | 3 | 30 | 39 | 59 | 33 | 1.064 | 3.54 |
| 15. | لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا لەکاتی بڵاوکردنەوەی بابەتە ژینگەییەکاندا پشت بە داتاو زانیاری نوێ دەبەستێت. | 9 | 44 | 46 | 45 | 20 | 1.112 | 3.14 |
| 16. | یەکێک لەڕێگا گونجاوەکانی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا ڕیکلامە ژینگەییەکانن. | 3 | 26 | 42 | 67 | 26 | 0.999 | 3.530 5 |
| 17. | تەرخانکردنی کاتی پێویست بۆ بابەتە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا وەک بەرنامەیەکی سەربەخۆ بەدیناکرێت. | 3 | 20 | 36 | 66 | 39 | 1.018 | 3.71 |
| 18. | بڵاوکردنەوەی کێشە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا دەبنە هۆی دروستکردنی ترس و دڵە ڕاوکێ لای بیستەران. | 10 | 41 | 43 | 46 | 24 | 1.152 | 3.20 |
| 19. | بەهۆی جیاوازی لەسیاسەتی خاوەندارێتی ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا، ڕادەی بایەخپێدان و ڕوماڵکردنی پرسە ژینگەییەکان وەک پێویست ئەنجام نادرێت. | 2 | 13 | 35 | 72 | 42 | 0.937 | 3.84 |
| 20. | مامۆستایانی زانکۆ کەمترین بایەخیان هەیە بۆ بەرنامە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا . | 4 | 28 | 46 | 54 | 32 | 1.065 | 3.50 |
| 21. | بەهۆی کەم بایەخی ڕادیۆ ناوخۆییەکان، بە بەرنامەی هۆشیاری ژینگەیی، بیستەران پەنا دەبەنە بەر ئامرازەکانی تر. | 3 | 14 | 51 | 68 | 28 | 0.926 | 3.63 |
| 22. | لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا زیاتر گرنگی بە پیسبونەکانی خاک دەدرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی بیستەران. | 10 | 29 | 53 | 53 | 19 | 1.071 | 3.25 |
| 23. | ڕوماڵکردنی بابەتە ژینگەییەکان یەکێک نیە لە ئەرکە سەرەکیەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا. | 4 | 16 | 32 | 66 | 46 | 1.028 | 3.81 |
| 24. | ناساندنی یاساکانی پاراستنی ژینگە بەیەکێک لە ئامانجەکانی ڕادیۆ ناوخۆییەکان دادەنرێت. | 12 | 36 | 46 | 42 | 28 | 1.185 | 3.23 |
| 25. | ڕادیۆ ناوخۆییەکان ڕۆڵیان لاوازە لە گەشە پێدانی هۆشیاری وبەرپرسیارێتی ژینگەیی لای جەماوەر. | 6 | 22 | 34 | 60 | 42 | 1.108 | 3.67 |
| 26. | بایەخ پێدانی ڕادیۆ ناوخۆییەکان بۆ پرسە ژینگەییەکان هۆکارن بۆ ئاراستە کردنی ڕەفتارو چالاکیەکانی بیستەران. | 5 | 27 | 40 | 62 | 30 | 1.065 | 3.51 |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp386-399

**برگەی یەکەم:** ڕوماڵکردنی بابەتە ژینگەییەکان لەڕادیۆ ناوخۆییەکاندا ڕوکەشانەیە، ئەنجامەکان دەریان خستووە، کە لە کۆی 164 بەشداربوو، بەڕێژەی 78.65% بە نەرێنی وەڵامیان بۆ برگەی یەکەم هەبووە، بە لادانی پێوەری 0.913 و ناوەندە ژمێرەی 4، ئەوەش دەریدەخات کە ڕوماڵکردنی بابەتە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناو خۆییەکاندا بە شێوەیەکی ڕوکەشانە نیە، بەڵکو بە ووردی و قوڵی بابەتە ژینگەییەکان دەخەنە ڕوو.

**برگەی دووەم:** گرنگیدان بە بابەتە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا لاواز دەبینرێت. ئەنجامەکان دەریان خستووە کە بەڕێژەی 89.02% بەشداربووان ڕایان نەرێنی بوو بەرامبەر بەو برگەیە، وە بەلادانی پێوەری 0.923 بە ناوەندە ژمێرەی 4.07 دەریدەخات کە بەشداربووان بۆچونیان وایە کە گرنگیدان بە بابەتە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا لاواز نابینرێت، بەڵکو لە ئاستێکی بەرزیش دایە.

**برگەی سێیەم:** پێشکەشکردنی بابەتە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا کاریگەری لاوازە لەسەر بیستەران. بە پێی ئەنجامەکان دەرکەوتووە کە بەڕێژەی 73.78 ٪ بەشداربووان ڕایان نەرێنی بوو لە بەرامبەر ئەوەی کاریگەری بابەتە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا کاریگەری لاوازی لەسەر بیستەران هەبێت، بە 0.973ی لادانی پێوەری و 3.90 ناوەندە ژمێرە، دەردەکەوێت کە کاریگەری بابەتە ژینگەییەکان لەسەر بیستەران لە ئاستێکی بەرزدایە.

**برگەی چوارەم:** لەزۆربەی ڕوماڵی بابەتە ژینگەییەکاندا تواناوە چارەسەر بۆ کێشە ژینگەییەکان بخرێتە ڕوو، ئەنجامەکان دەریان خستووە کە بەڕێژەی 77.43% بەشداربووان بۆچونێکی نەرێنیان هەیە بۆ ئەو برگەیە بەلادانی پێوەری 1.072 و 3.95ی ناوەندە ژمێرە، دەریدەخات کە ئەوەش ئەنجامێکی ئەرێنیە بۆ ڕادیۆ ناوخۆییەکان کە توانیویانە بە شێوەیەکی بابەتیان مامەڵە لەگەڵ بابەتە ژینگەییەکاندا بکەن.

**برگەی پێنجەم:** ڕادەی بایەخ پێدان بەپرسە ژینگەییەکان لەڕادیۆ ناوخۆییەکاندا زیاتر تایبەتە بەپرسە ژینگەییە ناوخۆییەکان. ئەنجامەکان دەریان خستووە کە بەڕێژەی 71.95% بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەو برگەیە، بە لادانی پێوەری 0.937 و ناوەندە ژمێرەی 3.84 دەرکەوتووە کە ڕادەی بایەخ پێدان بەپرسە ژینگەییەکان لەڕادیۆ ناوخۆییەکاندا زیاتر تایبەت نیە بە پرسە ژینگەییە ناوخۆییەکان، ئەم ئەنجامەش دەریدەخات کە ڕادیۆ ناوخۆییەکان بایەخیان بۆ سەرجەم پرسە ژینگەییەکان هەیە، نەک تەنها پرسێکی ژینگەیی ناوخۆیی.

**برگەی شەشەم:** ڕادیۆ ناوخۆییەکان هاوکارنین لە دروستکردنی هۆشیاری ژینگەیی لای بیستەران. ئەنجامەکان دەریان خستووە کە بە ڕێژەی 56.09% بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەم برگەیە، بە لادانی پێوەری 1.194 و ناوەندە ژمێرەی 3.45 دەرکەوتووە، کە ڕادیۆ ناوخۆییەکان هاوکارن لە دروستکردنی هۆشیاری ژینگەیی لای بیستەران بە ڕادەیەکی مام ناوەند.

**برگەی حەوتەم:** ڕادیۆ ناوخۆییەکان ڕۆڵێکی ئەرێنی دەگێڕن لەڕوی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا. ئەنجامەکان دەریان خستووە کە بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەو برگەیە، بەڕێژەی54.87% لادانی پێوەری 1.057 و ناوەندە ژمێرەی 3.42 دەرکەوتووە کە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا ڕۆڵێکی ئەرێنی ناگێڕن لەڕوی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا، ئەم ئەنجامەش دەریدەخات کە ڕادیۆ ناوخۆییەکان نەیان توانیوە وەک پێویست ڕۆڵ بگێڕن لە هۆشیارکردنەوەی بیستەران سەبارەت بە پرسە ژینگەییەکان.

**برگەی هەشتەم:** لەڕادیۆ ناوخۆییەکاندا تواناوە دیاردە ژینگەییە ناشیرینەکان زیاتر بخرێنە بەر باس. ئەنجامەکان دەریان خستووە کە بەڕێژەی 57.92% بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەو برگەیە، بەلادانی پێوەری 1.023 و ناوەندە ژمێرەی 3.46 دەرکەوتووە کە لەڕادیۆ ناوخۆییەکاندا نەتوانراوە دیاردە ژینگەییە ناشیرینەکان بخرێنە بەر باس. بەشێوەیەک کە بیستەرەان لەو دیاردەو ڕەفتارانەئاگادار بکاتەوە کە زیان بە ژینگە دەگەیەنن، واتە بەشداربووان هاوڕا نین لە گەڵ ئەم برگەیەو پێیان وایە کە پێچەوانەکەی ڕاستە.

**برگەی نۆیەم:** ڕادیۆ ناوخۆییەکان ڕۆڵیان نیە لە بنیاتنانی ڕەفتار وئاکاری ژینگەیی لای بیستەران. ئەنجامەکان دەریان خستووە کە بەڕێژەی 45.73% بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەو برگەیە، کە لەبەرامبەردا تەنها 45 بەشداربوو بەڕێژەی 27.43% ڕایان وایە ڕادیۆ ناوخۆییەکان ڕۆڵیان نیە لە بنیاتنانی ڕەفتار وئاکاری ژینگەیی لای بیستەران، واتە بەشداربووان بێلایەنیان هەڵبژاردووە. ڕێژەی لادانی پێوەری 1.133 و ناوەندە ژمێرەی 3.31 دەرکەوتووە کە ڕۆڵی ڕادیۆ ناوخۆییەکان لە بنیاتنانی ڕەفتار وئاکاری ژینگەیی لای بیستەران لە ئاستێکی نزمدایە.

**برگەی دەیەم:** ڕادیۆ ناوخۆییەکان توانیویانە زانیاری تەواو دەستەبەر بکەن بۆ بیستەران لە ڕووی بابەتە ژینگەییەکانەوە. سەبارەت بەم برگەیە وەک لە ئەنجامەکاندا دەرکەوتووە بە ڕێژەی ٣٩.٠٢٪ هاوڕانین لەگەڵ ئەم برگەیە، نزیکایەتیەک هەیە لە نێوان هەردوو لایەنی بۆچوونی ئەرێنی و نەرێنی بە شێوەیەک تەنها جیاوازی 7 بەشداربوو هەیە، بە ڕێژەی ٢٦.٢١٪ بیەشداربووان بە دڵنیا نەبوون وەڵامیان داوەتەوە، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە بێلایەنییەکی بەدیدەکرێت لە وەڵامەکاندا، واتە نە هاوڕان و نە دژن، بە سەرنجدان لە 1.107ی لادانی پێوەری و 3.1 ی ناوەندە ژمێرە دەردەکەوێت کە توانای دەستەبەرکردنزانیاری پێویست سەبارەت بە بابەتە ژینگەییەکان بۆ بیستەران لە ئاستێکی مامناوەندە و نەگەیشتووە بە ئاستێکی بەرز، ئەم ئەنجامەش پاڵپشتی ئەنجامی برگەی 9 پشت ڕاست دەکاتەوە کە بە هەمان شێوە بێ لایەنن.

**برگەی یازدەهەم:** ڕادیۆ ناوخۆییەکان یارمەتی دەرێکی باشن بۆ ئاشناکردنی بیستەران بە مەترسییە ژینگەییەکان لە هەرێمی کوردستاندا. ئەنجامەکان دەریان خستووە کە بەڕێژەی 55.48% لە بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەو برگەیە، کە لەبەرامبەردا تەنها 41 بەشداربوو بەڕێژەی 25% ڕایان وایە کە ڕادیۆ ناوخۆییەکان یارمەتی دەرێکی باشن بۆ ئاشناکردنی بیستەران بە مەترسییە ژینگەییەکان لە هەرێمی کوردستاندا. بەڕێژەی لادانی پێوەری 1.129 و ناوەندە ژمێرەی 3.42 دەرکەوتووە کە ڕادیۆ ناوخۆییەکان یارمەتی دەرێکی باش نین بۆ ئاشناکردنی بیستەران بە مەترسییە ژینگەییەکان لە هەرێمی کوردستاندا. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەشداربووان هاوڕا نین لە گەڵ ئەم برگەیەدا .

**برگەی دوازدەهەم:** ڕادیۆ ناوخۆییەکان زیاتر لەکاتی بۆنەکاندا، گرنگی بە بابەتە ژینگەییەکان دەدەن. ئەنجامەکان دەریان خستووە بەڕێژەی 73.17% لە بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەو برگەیە، کە لەبەرامبەردا تەنها 17 بەشداربوو بەڕێژەی 10.36% ڕایان وایە کە ڕادیۆ ناوخۆییەکان زیاتر لەکاتی بۆنەکاندا، گرنگی بە بابەتە ژینگەییەکان دەدەن. بەڕێژەی لادانی پێوەری 0.968 و ناوەندە ژمێرەی 3.91 دەرکەوتووە کە ڕادیۆ ناوخۆییەکان تەنها لەکاتی بۆنەکاندا، گرنگی بە بابەتە ژینگەییەکان نادەن، بەڵکو لە هەموو کات و بارودۆخێکدا گرنگیان بۆ بابەتە ژینگەییەکان هەیەو بایەخی پێدەدەن.

**برگەی سیازدەهەم:** ڕادیۆ ناوخۆییەکان ناوەندێکی کاران بۆ هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا. ئەنجامەکان دەریان خستووە کە 72 کەس بەڕێژەی 43.90% لە بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەو

بڕگەیە، کە لەبەرامبەردا تەنها 42 بەرێژەی 25.60% بەشداربوو ڕایان وایە کە ڕادیۆ ناوخۆییەکان ناوەندێکی کاران بۆ هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا. بەرێژەی لادانی پێوەری 1.142و ناوەندە ژمێرەی 3.30 دەرکەوتووە کە ڕادیۆ ناوخۆییەکان تا ڕادەیەکی کەم بونەتە ناوەندێکی کارا بۆ هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا.

**بڕگەی چواردەهەم:** لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا کەمتر شارەزایی و پسپۆڕی لە خستنە ڕوی بابەتە ژینگەییەکاندا بە دی دەکرێت. ئەنجامەکان دەریان خستووە کە 92 کەس بەرێژەی 56.09% لە بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەو بڕگەیە، کە لەبەرامبەردا تەنها 33 بەرێژەی 20.12% بەشداربوو ڕایان وایە کە لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا کەمتر شارەزایی و پسپۆڕی لە خستنە ڕوی بابەتە ژینگەییەکاندا بە دی دەکرێت. بەرێژەی لادانی پێوەری 1.142و ناوەندە ژمێرەی 3.30 دەرکەوتووە کە لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا تا ئاستێکی بەرزگرنگی بە شارەزایی و پسپۆڕی لە خستنە ڕوی بابەتە ژینگەییەکاندا بە دی دەکرێت.

**بڕگەی پازدەهەم:** لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا لەکاتی بڵاوکردنەوەی بابەتە ژینگەییەکاندا پشت بە داتاو زانیاری نوێ دەبەستێت. ئەنجامەکان دەریان خستووە کە بەرێژەی 39.63% لە بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەو بڕگەیە، کە لەبەرامبەردا تەنها ڕێژەی 32.31% بەشداربوو ڕایان وایە کە لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا لەکاتی بڵاوکردنەوەی بابەتە ژینگەییەکاندا پشت بە داتاو زانیاری نوێ دەبەستێت. بەرێژەی لادانی پێوەری 1.112و ناوەندە ژمێرەی 3.14 دەرکەوتووە کە نزیکایەتیەک هەیە واتە بێ لایەنن لە بۆچونەکانی بەشداربوواندا لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا لەکاتی بڵاوکردنەوەی بابەتە ژینگەییەکاندا پشت بە داتاو زانیاری نوێ دەبەستێت.

**بڕگەی شازدەهەم:** کە یەکێک لەڕێگا گونجاوەکانی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا ڕیکلامە ژینگەییەکانن, ئەنجامەکان دەریان خستووە بەرێژەی 56.70% لە بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەم بڕگەیە، کە لەبەرامبەردا تەنها ڕێژەی 17.68% بەشداربوو ڕایان وایە. بە لادانی پێوەری 0.999و ناوەندە ژمێرەی 3.53 دەرکەوتووە کە ڕیکلامە ژینگەییەکان یەکێک لەڕێگا گونجاوەکانی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا دانانرێت. کەواتە بۆچونیان نەرێنییە سەبارەت بەم بڕگەیە.

**بڕگەی حەڤدەهەم:** تەرخانکردنی کاتی پێویست بۆ بابەتە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا وەک بەرنامەیەکی سەربەخۆ بەدیناکرێت، ئەنجامەکان دەریان خستووە کە ڕێژەی 64.02% لە بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەم بڕگەیە، کە لەبەرامبەردا تەنها ڕێژەی 14.02% بەشداربوو ڕایان وایە. بەرێژەی لادانی پێوەری 1.018و ناوەندە ژمێرەی 3.71 دەرکەوتووە کە تەرخانکردنی کاتی پێویست بۆ بابەتە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا وەک بەرنامەیەکی سەربەخۆ بەدیدەکرێت و گرنگی پێدەدرێت، کەواتە بۆچوونیان لاوازە سەبارەت بەم بڕگەیە.

**بڕگەی هەژدەهەم:** بڵاوکردنەوەی کێشە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا دەبنە هۆی دروستکردنی ترس و دڵە ڕاوکێ لای بیستەران، ئەنجامەکان دەریان خستووە کە بەرێژەی 42.68% لە بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەم بڕگەیە، لەبەرامبەردا ڕێژەی 31.09% بەرێژەی بەشداربوو ڕایان ئەرێنیە، بەرێژەی لادانی پێوەری 1.150 و ناوەندە ژمێرەی 3.20 دەرکەوتووە کە نزیکییەک هەیە لە نێوان هەردوو ڕای بەشداربووان، بە پێی ئەو ئەنجامەش بڵاوکردنەوەی کێشە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا نەبونەتە هۆی دروستکردنی ترس و دڵە ڕاوکێ لای بیستەران.

**بڕگەی نۆزدەهەم:** جیاوازی لەسیاسەتی خاوەندارێتی ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا، ڕادەی بایەخپێدان و ڕوماڵکردنی پرسە ژینگەییەکان وەک پێویست ئەنجام نادرێت، ئەنجامەکان دەریان خستووە ڕێژەی 69.51% کەس لە بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەم بڕگەیە، لەبەرامبەردا ڕێژەی 9.14% هاوڕان. بەرێژەی لادانی پێوەری 0.937 و ناوەندە ژمێرەی 3.84 دەرکەوتووە کە جیاوازی لە سیاسەتی خاوەندارێتی ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا، نەبۆتە هۆی دروست بونی جیاوازی و کەمکردنەوەی ڕادەی بایەخ پێدان و ڕوماڵکردنی پرسە ژینگەییەکان.

**بڕگەی بیستەم:** مامۆستایانی زانکۆ کەمترین بایەخیان هەیە بۆ بەرنامە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا، ئەنجامەکان دەریان خستووە کە ڕێژەی 52.43% کەس لە بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەم بڕگەیە، کە لەبەرامبەردا ڕێژەی 19.51% بەشداربوو هاوڕان، بە لادانی پێوەری 1.065 و ناوەندە ژمێرەی 3.50 دەرکەوتووە کەڕادەی بایەخدانی مامۆستایانی زانکۆ بۆ بەرنامە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا لە ئاستێکی نزمدایەو ڕادیۆ ناوخۆییەکان تاڕادەیەکی زۆر توانیویانە سەرنجی وەرگران ڕابکێشن بۆ بابەتەژینگەییەکان، کە ژمارەیەکی بەرچاوی بەشداربووان هاوڕا نین لە گەڵ ئەم بڕگەیەدا.

**بڕگەی بیست و یەک:** بەهۆی بایەخ دانی ڕادیۆ ناوخۆییەکان، بە بەرنامەی هۆشیاری ژینگەیی، بیستەران کەمترین پشت بەستنیان هەیە بە ئامرازەکانی تر، ئەنجامەکان دەریان خستووە کە بەرێژەی 58.53% لە بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەم بڕگەیە، کە لەبەرامبەردا تەنها ڕێژەی 10.36%، بیستەران پەنا دەبەنە بەر ئامرازەکانی تر. بەرێژەی لادانی پێوەری 0.926 و ناوەندە ژمێرەی 3.63 دەرکەوتووە کە بۆ وەرگرتنی زانیاری ژینگەیی بەرتوێژین پشت بە ئامرازەکانی دیکە دەبەستن.

**بڕگەی بیست و دوو:** لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا زیاتر گرنگی بە پیسبونەکانی خاک دەدرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی بیستەران، ئەنجامەکان دەریان خستووە کە بەرێژەی 42.07% لە بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەم بڕگەیە کە لەبەرامبەردا تەنها ڕێژەی 23.78% بەشداربوو هاوڕان، بەرێژەی لادانی پێوەری 1.071و ناوەندە ژمێرەی 3.25 دەرکەوتووە کە تاڕادەیەک لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا زیاتر گرنگی بە پیسبونەکانی خاک دەدرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی بیستەران.

**بڕگەی بیست وسێ:** ڕوماڵکردنی بابەتە ژینگەییەکان یەکێک نیە لە ئەرکە سەرەکیەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاند، ئەنجامەکان دەریان خستووە کە ڕێژەی 67.07% لە بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەم بڕگەیە، لەبەرامبەردا تەنها ڕێژەی 12.19 % بەشداربووان هاوڕان لەو بارەیەوە. بەرێژەی لادانی پێوەری 1.028و ناوەندە ژمێرەی 3.81 دەرکەوتووە کە ڕوماڵکردنی بابەتە ژینگەییەکان یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا. ئەمەش دەریدەخان کە بەشداربووان هاوڕا نین لە گەڵ ئەم بڕگەیەدا.

**بڕگەی بیست و چوار:** ناساندنی یاساکانی پاراستنی ژینگە بەیەکێک لە ئامانجەکانی ڕادیۆ ناوخۆییەکان دادەنرێت، ئەنجامەکان دەریان خستووە کە بەرێژەی 42.68% لە بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەم بڕگەیە، لەبەرامبەردا تەنها ڕێژەی29.26% بەشداربووان هاوڕان لەو بارەیەوە. بەرێژەی لادانی پێوەری 1.185و ناوەندە ژمێرەی 3.23 دەرکەوتووە کە ناساندنی یاساکانی پاراستنی ژینگە بەیەکێک لە ئامانجەکانی ڕادیۆ ناوخۆییەکان دادەنرێت.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp386-399

**بڕگەی بیست و پێنج:** ڕادیۆ ناوخۆییەکان ڕۆڵیان لاوازە لە گەشەپێدانی هۆشیاری وبەرپرسیاریێتی ژینگەیی لای جەماوەر، ئەنجامەکان دەریان خستووە، بەرێژەی 62.19% لە بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەم برگەیە، لەبەرامبەردا ڕێژەی 17.07% بەشداربووان هاوڕان. بەرێژەی لادانی پێوەری 1.108 و ناوەندە ژمێرەی 3.67 دەرکەوتووە کە ڕادیۆ ناوخۆییەکان ڕۆڵێکی بەهێزیان هەیە لە گەشەپێدانی هۆشیاری وبەرپرسیاریێتی ژینگەیی لای جەماوەر.

**بڕگەی بیست و شەش:** بایەخپێدانی ڕادیۆ ناوخۆییەکان بۆ پرسە ژینگەییەکان هۆکارن بۆ ئاراستە کردنی ڕەفتارو چالاکیەکانی بیستەران، ئەنجامەکان دەریان خستووە کە بەرێژەی 56.09% لە بەشداربووان بۆچوونیان نەرێنییە سەبارەت بەم برگەیە کە ، لەبەرامبەردا تەنها ڕێژەی 17.07% بەشداربوو هاوڕان . بەرێژەی لادانی پێوەری 1.065 و ناوەندە ژمێرەی 3.51 دەرکەوتووە کە بایەخپێدانی ڕادیۆ ناوخۆییەکان بۆ پرسە ژینگەییەکان هۆکارن بۆ ئاراستە کردنی ڕەفتارو چالاکیەکانی بیستەران.

## 5. دەرئەنجامی توێژینەوەکە:

**دوای دەرهێنانی ئەنجامەکان و شیکاری داتاکان دەرکەوت ئەنجامگیریی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی لای خوارەوە دەبینرێتەوە کە بریتین لە:**

1. گوێگرتنی مامۆستایانی زانکۆ بۆ ڕادیۆ ناوخۆییەکان لە ئاستێکی گونجاودایە، زۆرترین ڕێژەی گوێبیستبوونی ڕادیۆ ناوخۆییەکانیش لە ناو ئۆتۆمبێلدایە.
2. گرنگیدان بە گوێبیستبوونی بابەتە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا، زیاتر لە هەواڵەکان و بەرنامەی تایبەتی ژینگەیی دا دەبینرێت، بە تایبەت لە بەرنامە گفتوگۆییەکاندا، کە دەتوانرێت زانیاری زیاتری تێدا بخرێتە ڕوو بۆ بیستەران.
3. لە گرنگترین ئەو بابەتانە ژینگەییانەی کە بەشداربووان گوێبیستی بوون لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاتدا بریتی بوون لە ڕووداوە سروشتییەکان، پیسبوونی ژینگەو و ڕووداوکارەساتە مرۆییەکان بە هۆی گۆرانکاری کەش و هەواو پیسبوونی ژینگەوە.
4. ڕوماڵکردنی بابەتە ژینگەییەکان لە ڕادیۆ ناو خۆییەکاندا بە شێوەیەکی وورد و قوڵ بابەتە ژینگەییەکان دەخەنە ڕوو، هاوکات کاریگەری بابەتە ژینگەیییەکان لە ئاستێکی بەرزدایە لە سەر بیستەران.
5. ڕادیۆ ناوخۆییەکان لە گەڵ ئەوەی کە گرنگیان بە پرسە ژینگەییە ناوخۆیی و جیهانییەکان داوە، بەڵام نەیان توانیوە وەك پێویست ڕۆڵ بگێڕن لە هوشیارکردنەوەی بیستەران سەبارەت بە پرسە ژینگەیەکان و خستنە ڕووی دیاردە ژینگەییە دزێوەکان.
6. ڕادیۆ ناوخۆییەکان نەیان توانیووە وەك پێویست کار بکەن لە سەر بونیاتنانی ڕەفتارو ئاکاری ژینگەیی لای بیستەران، بەهۆی ئەوەی وەك پێویست نەیان توانیووە زانیاری دەستە بەر بکەن و زیاتر لە کاتی بۆنە ژینگەییەکاندا بایەخیان بە پرسە ژینگەییەکان داوە.
7. ڕادیۆ ناوخۆییەکان سەرکەوتوو نەبوون لەوەی کە بتوانن ببنە ناوەندێکی کارا بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیارەکان لە بڵاو کردنەوەی هۆشیاری ژینگەیدا. ئەمەش بۆ لاوازی پەیوەندی نێوان دامەزراوە میدیاییەکان و لایەنە پەیوەندیدارە حکومی و ناحکومیەکان تایبەت بە بواری ژینگە دەگەڕێتەوە، هەروەها پشت بە ریکلامی ژینگەی ببەستن وەك ڕێگایەکی گونجاو لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا.

**ڕاسپاردەکان**

1. وا باشە بۆ ڕادیۆ ناوخۆییەکان کە کار لە سەر دروستکردنی هەماهەنگی بکەن لە گەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی بتوانن هاودەنگی زیاتر بەدەست بێنن لەسەر پرسە ژینگەییەکان.
2. گرنگیدان بە بەرنامەی بنکۆڵکۆڵکاری و بەدواداچوون بۆ هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە لە ڕادیۆ ناوخۆییەکاندا لە هەرێمی کوردستان و کارکردنی زیاتر لە سەر پرسە ژینگەییەکان و زیاد کردنی هۆشیاری بیستەران بۆ کارکردن لە سەر سیاسەتی ژینگەیی.
3. گونجاوە بۆ دەستەی پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان کە کار لەسەر بونیات نانی سیاسەتێکی ژینگەیی تەندروست و سەردەمیانە بکەن، بۆ پاراستنی زیاتری ژینگەی کوردستان.
4. گونجاوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری کە بە بڕیاری تایبەت،بۆ هەموو میدیاکان و لە نێویشیاندا ڕادیۆ ناوخۆییەکان پابەند بکات بەهەبوونی ڕێژەیەکی پێویست لە بەرنامەی ژینگەیی ، نەك تەنها لە بۆنەکاندا بایەخ بەم پرسە بدرێت.
5. کارکردنی ڕادیۆ ناخۆییەکان لە سەر ریکلامی ژینگەیی بە مەبەستی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی لای بیستەران.

**پێشنیارەکان**:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە سەر سیاسەتی ژینگەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە سەر ڕۆڵی ڕادیۆ ناوخۆییەکان وپەیوەندی بە هۆشیاری ژینگەییەوە.

## سەرچاوەکان:


جیهان بەگلو، ڕامین(2009)، شەپۆلی چوارەم،و:مەهدی خوون دل، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

جیهان بەگلو، ڕامین(2010) ، زەینی زستانی، و، یاسین حەمە سەعید، نێوەندی هەژان، سلێمانی.

ڕێشاوی، یەحیا عومەر(2017)، هەژموونی مێدیا لەسایەی جیهانگەرایدا،سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی، ناوەندی ڕێنوین، سلێمانی.

سیوەیلی، ڕێبوار(2011)، ، کتێبی ستایشەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

سیوەیلی، ڕێبوار(2019)، مرۆڤ و ئینتەرنێت، لەبڵاوکراوە هاوبەشەکانی ماڵی وەفایی، هەولێر.

صالح، شیلان عزیز و علی، ڕاژان ئاسۆ(2014)، ڕێبەری یاساکانی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ڕێکخراوی سروشتی عێراق.

قانع ، مەریوان وریا(2012) ، سیایەت و دونیا، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

قانع، فیکرو دونیا (2013)، ئەندێشە بۆ چاپ وبڵاو کردنەوە، بەرگی دووەم، سلێمانی.

وەلزی، ئیحسان و ئیروانی، موسڵح (2020)، سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری کوردستان، ئینستیتیوتی سیاسەتی گشتی، هەولێر.

ئۆسکار مان (2014)، توحفەی موزەفەرییە، و، هێمن موکریانی، چاپخانەی هەولێر.

اسماعیل، محمود حسن(2003) ، مبادیء علم الاتصال، دارالعالمیة للنشر والتوزیع، القاهرە.

حبیب، زینب منصور(2011) ، المعجم البیئي، دار اسامة للنشر و التوزیع، عمان.

حسین، سحر امین(2007) ، موسوعة التلوث البیئي، دار دجلة، عمان.

خلیفاوي حنان، احمد شوتري(2024)، دور الاذاعة المحلیة فغ التحسیس ونشر الوعي البیئي. اذاعة البهجة نموذجا، مجلة الجزائریة للعلوم الاجتماعیة و الانسانیة،مج12، ع1

سعود، راتب (2007)، الانسان والبيئة، دراسة فى التربية البيئية، دار الحامد للنشر والتوزيع، ط 2، عمان.

علي، جوان بهاءالدين، محمد، سلام نصرالدين، (2020)، دور البرامج الاطفال المتلفزة في مستوى السلوك العدواني لدى اطفال الكورد، مجلة جامعة كوية للعلوم الانسانية والاجتماعية، مج3،ع٢، https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp80-88

عمر، السيد احمد مصطفى(1997) ، الاعلام المتخصص دراسة والتطبيق، دار الكتب، بنغازي.

عينو، خولة شايب(2015) ، دور الاذاعة المحلية في نشر الوعي البيئي، دراسة ميدانية على عينة من مستمعي اذاعة ام البواقي المحلية، جامعة العربي ا-ام البواقي، الجزائر.

كنعان، على عبدالفتاح( 2014 )، نظريات الاعلام، دار اليازورى.عمان.

المراياتى و الاخرون(2001)، العوامل و الاثار الاجتماعية لتلوث البيئة، بيت الحكمة، بغداد..

نصرالدين، سلام (2022)، دور القنوات التلفزيونية الكوردية في نشر الوعي البيئي، مجلة كرميان، دورة9، ع1، https://doi.org/10.24271/jgu.2022.151647

وهابي، نزيهة(2017)، المعالجة إلاعلامية لقضايا البيئة من خلال الصحافة المكتوبة، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية والانسانية، جامعة بابل، ع34.

الوقائع العراقيه، 2010، عدد 4142

## مستوى الاهتمام بالقضايا البيئيّة في الاذاعات المحلية؛ من وجهة نظر أساتذة جامعة السليمانية

### ملخص

تُعد القضايا البيئية إحدى أهم المسائل التي تحظى باهتمام خاص على المستوى العالمي، وفي هذا السياق عُقدت عدة مؤتمرات واتفاقيات دولية من أجل حماية مستقبل الإنسانية على كوكب الأرض. على المستوى المحلي أيضاً، تكتسب القضايا البيئية أهمية خاصة في الوقت الراهن، وفي هذا الإطار تُنظم المؤسسات العلمية مؤتمرات ولقاءات علمية ونقاشات متنوعة حول بيئة كردستان، ويتم تناول المخاطر والأحداث البيئية بالنقاش والتحليل الدقيق. تأتي هذه الدراسة كإحدى الجهود العلمية المبذولة في المجال البيئي، تهدف إلى معرفة مدى اهتمام وسائل الإعلام، ومن ضمنها الإذاعات المحلية، بالقضايا البيئية في إطار برامجها الإعلامية، وكذلك معرفة وجهة نظر أساتذة جامعة السليمانية في هذا الشأن. لتحقيق هذا الهدف، اعتمدت الدراسة على البحث الوصفي والمنهج المسحي من خلال استخدام أسلوب المسح، حيث تم اختيار عدد من أساتذة جامعة السليمانية كعينة للبحث بدرجات علمية وأجناس مختلفة. ومن أهم النتائج التي توصلت إليها الدراسة أنه تبين أن تغطية القضايا البيئية في الإذاعات المحلية تتم بشكل مفصل وعميق ومكثف، كما تبين أن معدل اهتمام الأساتذة الجامعيين بالقضايا البيئية يقع في مستوى مناسب. كانت نتيجة أخرى للدراسة أن المحطات الإذاعية المحلية ساهمت في خلق الوعي البيئي لدى المستمعين، لكن في الوقت نفسه لم تصبح بدرجة كافية مركزاً فعالاً لمساعدة الجهات ذات العلاقة في نشر الوعي البيئي. في نهاية هذه الدراسة وبناءً على نتائج البحث، تم طرح مجموعة من التوصيات والاقتراحات.

**الكلمات المفتاحية:** القضايا البيئية، الإعلام، الإذاعات المحلية، البرامج الإعلامية، أساتذة جامعة السليمانية.

**Focusing on Environmental Issues in Local Radio; Stations A Study From the Perspective of Lecturer of Sulaimani University**

Abstract

Environmental Issues are one of the most important issues that has been taken seriously at a local and global level, and currently have their own special significance, various scientific conferences and discussions about the environment of Kurdistan are being held, addressing and researching the risks and environmental challenges. This research, as one of the scientific efforts aims to understand how do local radio stations address environmental issues within the framework of their media content and what is the perspective of the lecturers at Sulaimani University on this matter. The research was conducted using descriptive and analytical methods, a number of lecturers from the University of Sulaimani have been selected as examples of research, each with different academic levels and fields. and the following are the most important findings: Coverage of environmental issues at local radio is taken seriously, and it is not covered as if it is a superficial subject. Moreover, the involvement of university lectures in environment issues remains at an appropriate level of significance. Another result was that the internal radios cooperated in creating environmental awareness among. However, at the same time it has become a centre of activity for the cooperation of related to stake holders in the dissemination of environmental awareness, based on the findings of the study, a set of recommendations has been proposed.

KEYWORD: Environmental Issues, Media, Local Radios, Media Programs, Teachers Of Sulaimani University .